# له ئینتیمای سیاسیبوونەوە بۆ ئینتیمای گەنجبوون

## بەرەو گوتارێکی بەهێزو یەکگرتووی گەنجی کورد

**جەمال پیرە**

لەبەر ئەوەی بێگومانم لەوەی کە لەناو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی‌دا ئیرادەیەکی بەهێزی لە مرۆڤ خستنی گەنج دەست بەکارو ئاکتیڤە، بۆیە تەوەرەی هەر لێدوانێکم لەسەر گەنج هەر لە سەرەتاوە بە گەڕانەوەو سەرزەنشتکردنی‌ستراکتۆری کۆمەڵگاوە دەبەستمەوەو دەیکەم بە سێرەی مەبەست، ئەمەش لەبەر دوو هۆی سەرەکیەوەیە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی کە بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم بەردەوامو بەپێی توانای خۆم بەرگری لەو توێژە هەستیارو هەوێنەی ناو کۆمەڵ بکەم کە بە داخەوە بە درێژایی مێژوو کوشتەی داب و نەریت و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵ بووە، دووهەمیشیان لەبەر ئەوەیە کە لە رابردوودا نووسەرو لێکۆڵەری کوردی کەمتەرخەمییەکی زۆری لە ئاست قەیرانی گەنجانەوە نواندووە، کە (من) پێموایە لەمەدا جگە لە بێویژدانی و نابەرپرسیاریەتی هیچ وەسف و ناونانێك شایستەی ئەو نەوە ڕووناکبیرە نییە کە بەر لە ئێمە لە گۆڕەپانەکەدا ئاکتیڤ و دەست بەکار بوون، هەڵبەتە ڕۆژێکیش بۆ ئەوە دێت کە لاپەڕەکانی مێژووسەرجەم دەمو چاوە کەمتەرخەمەکان لە ئاست مرۆڤی گەنجەوە نیگەتیڤانە بنووسێتەوە، لە راستیدا گەر لە نێو هەموو کۆمەڵگایەکدا گرفتە جۆراوجۆرەکان بوونیان هەبوو بە ئەزموون سەلمێنراوە کە زەرەرمەندترین توێژ لەناو کۆمەڵگاکەدا توێژی گەنجان بوون، ئەگەر حاڵەتێك هاتبێتە پێشەوە پێویستی بە بەرگری‌کردن و پاراستنی وڵات و بەرەنگاربوونەوەی هەر پەلامارێکی دەرەکی و ناوەکی بووبێت ئەرکەکە بە پلەی یەکەم کەوتۆتە سەر شانی گەنجان، دەتوانم کاراکتەری سەرەکی نێو کۆمەڵ و پێشەنگی کارای سەرجەم گۆڕانکاریەکان کە بەردەوام دێنە پێشەوە بە گەنجان ناوبێنم. ڕاستیەکەی من پێم وایە هەر کەمتەرخەمییەك لە هێنانەدی خواستەکانی گەنج لە لایەن هەر کەس و لایەن و ڕێکخراوودام و دەزگایەکدا جگە لەوەی هەڵەیەکی مەعریفی خوێندنەوەی دیاردە کۆمەلایەتیەکانە بێسیفەتی و نمەك حەرامیشیانە لە بەرامبەر ئینسانی گەنجدا، بەڵام لێرەدا بەدحاڵیبوونێك هەیە لە بەرامبەر خواست و ویستە راستەقینەکانی گەنجدا، ئەم بەدحاڵیبوونە بۆ دواجار وایکردووە کە کێشە بنچینەییەکانی مرۆڤی گەنج بە چارەسەرنەکراوی و هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە، زۆر جاری تر قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەزموونی حیزب و دەسەلاتەکەی لەگەڵ گەنجاندا ئەزموونێکی فاشل بووە، ئەزموونێك بوو نەك هەر نەبووە مایەی ئاسوودەیی گەنج بەڵکو زۆر جار دەستێکی باڵای هەبووە لە قوڵکردنەوەی زامەکانیان، واز لە سەیرکردنی حیزب دێنم لە گەنجان کە بەر لە هەر شتێك لەسەر بنەمای

ئینتیمایـەو سـەیرکردنێکی سیاسـیانەیە، دێمـە سـەر ئـەوەی کـە دەسـەڵاتە جیاجیاکـانی نـاو کۆمەڵگـەی کـوردی لـە سـەرووی هەموویانـەوە دەسـەڵاتی ئیـداریو سیاسـی نـاتوانن لـە کێشـە بنەڕەتیەکانی گەنجی کورد تێبگەن ئەوەی من تێبینیم کردبێ‌و پێموایە کە دەسەڵات لە ڕووکەشدا خـەمخۆری راسـتەقینەیە، لـە ڕاگەیاندنەکانیانـدا هەرچـی فیلێکـی تـەکنیکیو هونـەری هەیـە جێبەجێی دەکات، بەڵام لە راستیدا ئامادە نیە وەکو خۆیو جدیانە تر لە مەسەلەکە بکۆڵێتـەوە، چونکە هەڵەیەکی گەورەیە گەر پێمان وابێ کێشە سەرەکییەکانی گەنجی کورد بە تـەنها مەسـەلەی دامەزرانـدنو نیشتـەجێبوونو بژێوییـە، ئەگەرچـی کێشـەنو تـا ئێسـتاش چارەسـەر نـەکراون، لـە ڕاستیدا خۆلادانو باس نـەکردنی لایـەنی مەعنـەوی مرۆڤـی گـەنج پاڵنـەرێکی سـەرەکی بـە زینـدوو هێشتنەوەی کێشەی گەنجە لە نێو کۆمـەڵگای کوردیـدا، ڕەنگـە بپرسـن کـە مەسـەلە مەعنەویـەکانی گەنج چین؟ ڕەنگە لەمەدا ڕای وا هەبێ کە مەسـەلە مەعنەویـەکان ڕوونو ئاشـکرا نـین، بـەڵام مـن ئـەم تـەمو مـژو ناڕوونیـە بـەوە دەڕەوێنمـەوە کـە هـیچ یـەکێ لەوانـەی هـەڵگری خـەمی چارەسـەرکردنی قەیرانی گەنجانن، نەهاتوون کەموکوڕیە دەروونیەکانی ئەو توێژە زانستیانە بخەنە روو، پرسیاری بوێرانـەتر ئاراسـتەی خـودی گـەنجان بکـەنو لـە نزیکـەوە نهێنیـەکانی نێـو دڵـی ئـەوان دەربهێنـێ، گومان لەوەدا نیە کە تۆ گـەر بتـەوێ پرسـیاری هۆکـاری چوونـە هانـدەران لـە گـەنج بکـەیت لـەکاتی ئێستادا پێت نالێ لەبەر هۆکاری ئابووریە یا سیاسی، چونکە ئاشکرایە ئێسـتا گوزەرانـی خـەڵکی کورد بە گشتی لەڕووی ئابووریو سیاسیەوە گەشەی بە خۆوە بینیـوە، هەڵبـەتە ئـەوەی لێـدەرکەی ئـەوەی کـە دەمێنێتـەوە مەسـەلەی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکانـە، مەسـەلەی تێرکردنـی ئـارەزووە کپکراوەکانو خۆ وئازادکردنی دەروونیانەیە بۆچی ڕاشکاوانە بیر نەکەینـەوەو نەپرسـین؟ هـەموو ئـەو مەسـەلە کپکراوانـەی مرۆڤـی کـورد هەیـەتی کـە بەرهـەمی کۆمەڵگـەی خۆرهـەڵاتیو ئایـدۆلۆژی دینیـە، هۆکـاری سـەرەکی نالـەباریو ناسـەقامگیری لایـەنی دەروونـی گـەنجان دەردەخـەن، دیـارە کۆمەڵگایەکیش خۆی لـەم مەسـەلانە دەرباز نـەکردبێ نـاتوانێ کۆمـەڵگایـەکی بەرهـەمهێنو داهێنـەر بـێ، تاکێـك پـەروەردەی ئـەو کۆمـەڵگا تەقلیدیـە بێـت هـەرگیز کەسـێكو شـیاوو ئەفرێنـەری لێ دەرناچێ، ڕاستە هەموو ئەمانە بە نسبەت کۆمـەڵگای ئێمـە پرسـیاری قـورسو ئاسـان نـین بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا بـەبێ وەڵام مانەوەشـیان چارەسـەر نیـە، گـەر ئیرادەیـەکی راسـتەقینەی چارەسـەری کۆمەڵایەتی هەبێ دەبێ وەڵامێکی لۆژیکی دوور لە دەمـارگیری دینـی، کولتـوری بـۆ ئـەو پرسـیارانە بە دەست بێت، پرسیاری هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کـە چـۆن ئـەو گرفتانـە چارەسـەر دەکرێن یـا چ ڕێگایەك شیاوترین ڕێگایە بۆ تێپەڕاندنی ئەو بەربەستە مێژووییەی؟ ئایا بە گـەمارۆدراوی گـەنجی کورد وەك ئەوەی لە کاتی ئێستاو ڕابردوشدا وابووە چ مانایـەك بـۆ ئاینـدە دەدات؟ بـۆچی ڕۆژێ لـە ڕۆژان بەرپرسـێکی حکومیمـان نـەبینی خـەمی راسـتەقینەی گـەنج بـوروژێنێ؟ یـانی مەسـەلەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بە ئاشکرا مرۆڤی گەنج کەبتو کپکراویـە ژیـانی خـۆی لـەناو بۆتـەیەکی

لوغم ئاسادا بە ئامادەکراوی هێشتۆتەوە هەر کاتێ بیەوێ بیتەقێنیتەوە، دەسەڵاتو کۆمەڵگایەك ئیرادەی خەساندنی مرۆڤی هەبێت دەبێ چی لێ چاوەڕوان بکرێ؟! پێمولیە بە جۆرێك لە شێتیو یاخیبوون نەبێ ناکرێ ئاسوودەیی بە دەست بهێنرێت، هەڵبەتە ئەو شێتبوونو یاخیبوونە ئاسان نییەو ناکرێ هەر یەکێ لە لای خۆیەوە بەبێ کۆبوونەوەو ڕیککەوتن لەسەر تەوەرەو ستراتیژیەتی تۆکمەو چارەنووسسازو بڕیاری یاخیبوونی خۆی بدات، ئێمە ئەزموونێکی چواردە ساڵیمان لەبەر دەستە بەوەی کە حیزب تا ئێستا جگە بۆ مەرامە تایبەتیەکانی خۆی لا لە گەنج ناکاتەوە، خەمخۆری راستەقینەی گەنج نییە"، لە کاتێکدا کە گەنج لەم ولاتەدا تەنها پەناگەیەکی ماڵی حیزب بووە، حیزب بەو پێیەی کە هەم دەسەلاتی سیاسییو هەمیش ئیدارییی بووە، بەداخەوە نەیتوانیوە بخرێتە نێو ناخی گەنجەوە، بەکورتی گەنجی کورد لە دەوڕیانێکدا چەقبەستووە کە بە زۆرترین دوژمن گەمارۆ دراوە، سەرلێشێواوی گەنج ڕەنگدانەوەی بێ وەلامی پرسیارەکانیانە، کەسێکیش بەم شێوەیە بکەوێتە نێو زیندانێك لە ژیان هەڵبەت هەموو بیرکردنەوەو هەوڵێکی بۆ خۆدەربازکردن دەبێ،

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە زۆر دووبارە دەبێتەوە ئەوەیە کە چۆن بتوانرێت گەنجی کورد ماڵێك لە دەرەوەی حیزبدا چێبکات؟ بە شێوەیەك کە ئینتیمای سەرەکی خۆی جگە لە گەنجبوون شتێکی تر نەبێ، لەوێشەوە بتوانێت گوتارێکی یەکگرتووی گەنجانە دروست بکات، دەکرێ لە پەنای سیاسیبوونەوە، لەودیو حیزبیبوونی گەنجەوە ماڵێك هەبێ، لە تەك ئاپارتمانەکانی دەسەلاتی ئیداری حیزبەکاندا کوچەیەك هەبێ سەرجەم ڕەنگەکانی گەنجان پیایدا تێبپەڕێ، لە ژێر سێبەری ڕەشماڵەکانی حیزبەکاندا ئاگردانێکی گەنجانە هەبێ، سەکۆیەکی ئازادتر هەبێ شوێنی هەموانمان بێت، بە هەڵوێستێکی ڕاستەقینەی گەنجدۆستانە ئاوەدان بکرێتەوە، بە شێوەیەك بێت کە دەستێکی بالای هەبێت لە گەنجاندنی دیاردەو تارماییەکانی ژیان، چونکێ ژیان بە گەنجبوونەوە جوانە، گەر لەحزەکانی زیندەگی بۆنی گەنجی لێ نەیەت ناکرێ ناوی بنرێت زیندەگیەکی بارگاویکراو بە ئاسوودەیی، ئەمە ئەو حەقیقەتانەن کە کەسمان ناتوانین نکوڵی لێبکەین، بۆچیو تاکەی گەنجی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا بە دابەشکراوی بمێنێتەوە، مەنتیق لە کوێی بێدەنگبوون دایە؟ بۆچی ناکرێ گەنجە دابەشکراوەکانی سەر حیزبەکان لەدەرەوەی ماڵی خۆیاندا گوتارێکی یەکگرتوویان هەبێت کە بە جۆرێك بێت خاوەنی ویستێکی ژیاندۆستو گەنجانە بێت؟ ئەوەی کە ناکرێت بشاردرێتەوە ئەو هێزو وزەی ئەم چینەیە لە داهێنان، گۆڕانو بیرکردنەوە، هەڵبەتە لە هەمو دنیادا گەر جولەیەکی گەنجانە هەبووبێت لە ئێستاو رابردووشدا بە ئەجێندایەك مەبەستدار کراوە کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات نەك تەنها چینو توێژێك لەناو کۆمەڵگادا، گوتاری زیندووی گەنج کە ئاوێتەی یاخیبوون کرابێ ئەگەر بە دیسپلینکراوی بێتە مەیدان، گوتارێك دەبێ سەرجەم کۆسپو تەگەرەو کۆتو بەندو بەها

سەپێنراوەکان تێکدەشکێنێ، بونیادە مرۆڤکوژەکانی ناو کۆمەڵ رەتدەکاتەوەو سکێچێکی تر بە دیاردەکان دەدات، گوتاری گەنج ئەو گوتارەی کە ئێمە مەبەستمانە لە زۆر حاڵەتدا سڵ لە هیچکام لە پەیامو بەرنامەی ئایدۆلۆژیی و دەسەلاتو سەرکردەو بەڕێوەبەرێك ناکاتەوە، کەی ئینسانی گەنج لەم وڵاتەی ئێمەدا کێشەکەی بە پلەی یەکەم حیزبیبوون و نەبوون بووە؟ یاخود سیاسیبوونی وڵاتو خەڵكو کۆمەڵگا بووە؟، ئەوەندەی کێشەکەی خۆی لە دیلی و ژێردەستی نەریتەکاندا دەبینێتەوە، نەریتەکان یاسای داڕێژراوی ئەم کۆمەڵگایەن کە لە پاڵییەوە دنیایەك نامەعقوڵییەت هەیە، لەوێ فەزایەك دەبینرێ ئیرادەیەکی گەورەی نا ئینسانیبوون هەیە، کە بۆچونەکانی کۆمەڵ لەبەردەم حەزو ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ رێگر بوون دەبێ هەوڵی تێکشاندنیان بدرێت، چونکە بە ئەزمون سەلمێنراوەو هەمووانیشمان دەزانین کە گەر بێتوو کێشە بنەڕەتییەکانی گەنج تاوتوێ نەکرێن و چارەسەرییان بۆ نەدۆزرێتەوە، هەرگیز ناکرێ داوای شەفافییەت لە هەڵوێستی گەنج بکرێ کە گەنج تروسکایی ئاسودەیی لە چاوی دەسەلاتەوە بۆ خۆی نەبینێ هەرگیز جارێکی تر چاوەڕوانی لایەنگیریی لێناکرێ، مومکینیش نییە لەمەودوا گەنجی کورد کوێرانە بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان بڕوات، کەواتە دەبێ لە کۆتاییدا هەمووومان کۆکبین لەسەر ئەوەی کە بە کردار قەیرانێکی گەورە هەیە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بەقەد گەورەیی خۆی پێشوازیی لێناکرێت و ناخرێتە بەرباس یا هەوڵی بۆ نادرێ تا بنەبڕ بکرێ، هەمووومان دەبێ باوەڕمان وابێ کە وەلانان و بایەخنەدان بەم گرفتە گەورەو سەرەکییە، گەورەترین بەربەستی بەمەدەنیبوون و کرانەوە دەبێ....

jamalpira@yahoo.com